# پیشانگای شێوەکاریی هونەرمەندی میللی حاجی خانم لە شاری ئەمستردام:



رۆژی 8-9-2007 بۆ ماوەی 6 هەفتە لەنمایشێکی کەم وێنەدا پێشانگای هونەرمەندی شێوەکار حاجی خانم، دەکرێتەوە. حاجی خانم یەکێکە لەو بەهرەو توانا دەگمەنانەی کە بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی دەمان باتەوە رۆژگاری پر لە جوانی و سادەیی سالآنی 30- 40 ی شاری سلێمانی.

ئەم هونەرمەندە سالآنێکی درێژ لەبواری چنین، فەرش سازی و بەرگ دوریندا کاری کردوە و ئێستاش لە ئەزموونێکی نوێی خۆیدا کۆمەڵێک تابلۆی ڕەنگینمان نیشان دەدات کە ڕەنگە زۆردەگمەن بێت لە ئێستادا هونەرێکی میللی وڕەسەن بەو جۆرە بەرچاو بکەوێت.

ئەگەرچی ئەم هونەرمەندە لەتەمەنی 65 ساڵیەوە دەستی کردوە بە نیگارکێشان بەڵام ئەزموونی چەندین ساڵەی کارکردن لە بواری فۆلکلۆردا توانی بە ماوەیەکی کەم کارەکانی ببێتە مایەی سەرسامی و ستایشی بینەران و هونەردۆستان.

ئەم پێشانگایە گرنگیەکی زۆری بۆ ئەو کەسانە هەیە کە دەیانەوێت لەسەر مێژووی هونەری میللی کوردی لێکۆڵینەوە بکەن، چونکە ئەم کارانە هەڵگری چەندین هێماو دەلالاتی کولتووری و مێژوویین.

بۆ زانیاری زیاتر تەماشای ماڵپەری هونەرمەند بکەن :

www.hajikhanim.exto.nl

بەئامادەبوونتان خۆشحاڵین:

بەروار: 9 سێپتەمبەر تا 20ی ئۆکتۆبەر 2007

شوێن: Buurtcentrum de Meeuw

Motorwal 300

1021 PH Amsterdam (Noord)

کات: 15:00 تا 19:00